پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی دا (بۆ مەسحکردنە سەر خوف وگۆرەوییەکان) بۆ کەسی موسافیر سێ ڕۆژ وشەوەکانیان، وبۆ کەسی نیشتەجێبوو ڕۆژ وشەوێک

لە ئەبی بەکرە نوفەیع کوڕی حارسی سەقەفیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی دا (بۆ مەسحکردنە سەر خوف وگۆرەوییەکان) بۆ کەسی موسافیر -ڕێبوار- سێ ڕۆژ وشەوەکانیان*، وبۆ کەسی نیشتەجێبوو ڕۆژ وشەوێک**، ئەگەر دەستنوێژی گرت وخوفەکانی (یان گۆرەوییەکانی) لەپێکرد: مەسحیان بەسەردا بکات». *(سێ ڕۆژ وشەوەکانیان: مەبەست سێ ڕۆژە 72 (کاتژمێر)، **(ڕۆژ وشەوێک: مەبەست 24 کاتژمێرە

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - دارەقوطنی گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی دا): واتا بۆ مەسحکردنە سەر خوف -وگۆرەوییەکان-. (بۆ کەسی موسافیر -ڕێبوار- سێ ڕۆژ وشەوەکانیان*، وبۆ کەسی نیشتەجێبوو ڕۆژ وشەوێک**): ئەمیش بەڵگەیە لەسەرئەوەی ماوەی ڕێگەپێدراو بۆ مەسحکردن سێ ڕۆژە بۆ کەسی ڕێبوار -موسافیر-، وبەک ڕۆژە بۆ کەسی نیشتەجێبوو، ئەم ماوەیە فەرموودەی تری لەسەر هاتووە زیاتر لە دە گێڕانەوە لە لایەن هاوەڵانەوە. ماوەکەی زیاد کرد بۆ کەسێ ڕێبوار -موسافیر-؛ چونکە شایستەی ڕوخسەت پێدانە زیاتر لە کەسێکی نیشتەجێبوو، وماوەی مەسحکردنە پاش دەستنوێژگرن ومەسحکردن بەسەر خوفەکان یان گۆرەوییەکان دەستپێدەکات. وکاتێک دەفەرموێت: (ئەگەر دەستنوێژی گرت وخوفەکانی -یان گۆرەوییەکانی- لەپێکرد): واتا موسافیر -ڕێبوار- یان نیشتەجێبوو ئەگەر دەستنوێژی گرت پاش ئەوەی دەستنوێژی شکا لە ڕوودانی بچووک -الحدث الأصغر-، وخوف لە پێست دروستکراوە وپێیەکان دادەپۆشێت، وگۆرەویش بەهەمان شێوە لە پێ دەکرێت لە موو یان خوری -سوف- یان لۆکە یان پێست دروستدەکرێت لەوەیە تەنک یان ئەستوور بێت؛ هەتاوەکو سەرەوەی قولەپێکان دادەپۆشێت وبۆ سەرما وشتی تر لە پێ دەکرێت. مانای ئەم ڕستەیەی کۆتایی لە فەرموودەکە ئەوەیە: ئەگەر خوفەکانی لەپێکرد لە پاش دەستنوێژگرتن؛ ئینجا دەبیت مەسحیان بەسەردا بکات، واتا بە دەستنوێژگرتنەوە دەبێت مەسح بەسەر خوفەکانیدا بکات، ئەگەر ماوەیش هەبێت لە نێوان مەسحکردن ولە پێکردنی گۆرەوییەکە ئاساییە بە مەرجێک دەستنوێژی نەشکێت لەو ماوەیە. هەرکەسێک دەستنوێژی هەبوو وخوفەکانی -یان گۆرەوییەکانی لەپێکرد- بۆی هەیە: (مەسحیان بەسەردا بکات): ئەمیش بریتیە لە تەڕکردنی دەستەکانی وهێنانیان -مەسحکردنیان- بەسەر ڕووی سەرەوەی خوفەکان یان گۆرەوییەکان؛ نەک ژێرەوەی یان ناوەوەی خوفەکان. *(سێ ڕۆژ وشەوەکانیان: مەبەست (سێ ڕۆژە 72 کاتژمێر)، **(ڕۆژ وشەوێک: مەبەست 24 کاتژمێرە

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10659